
شیعر




هێرۆ کوردە

# وەرزی عیشقم تیژ تێپەڕی

تۆ... ئەی سەرشێتترین بوونەوەری
ئەم زەمەنە بێواتایەی من
تکا دەکەم
دووبارە کاسەی سەرم پڕمەکە
لە وەسوەسەی عیشق
تۆ ئەی نەفامترین عاشقی
ئەم زەمەنە خاڵی لەعیشقە
بەرەو کوێ هەڵدێی...؟
ئێ خۆتۆ هەناسەکانت لەکۆشی من جێهێشتووە!!
تۆ.. بکوژی حەزەکانی منی
تۆ.. تابوتسازی گشت خەونەکانی منی
هەنووکە ساتەکانم لەقاوەکانی کەژاڵ تاڵترە
لەتەنیایی تەنیاترم
وای لە دەردی تەنیایی
گشت شەوێ لەم قەدەرە سەر شێتەم مارە دەکا




قەدەریش سەفەری مەغریب و مەشریق
بەم ڕۆحە تەزیوەم دەکا
قەدەر دەمباو ناگەینە کۆشکە دوورەکانی
ئارامی
بۆ حەسانەوەی ئەم جەستە ماندووە..
قەدەر دەمباو ناوی ڕۆژەکانم بیر دەچێ
قەدەر دەمباو عەشقم لێ بزر دەبێ
قەدەر دەمباو دەمباو دەمبا
تا شیعرم لەبار دەچێ
تکا دەکەم تەلیسمی چاوەکانم مەشکێنە
نەبا مەملەکەتێ لەفرمێسکەکانما نوقم بێ
ئێستا من بەشیعرێک دووگیانم
ژان خەریکە ناوجەرگم دەپسێنێ...
تۆ دیسان چیت لەگیانی من دەوێ...؟
من.... لە چاوەڕوانیدا خەونەکانم دۆڕاند
من هەموو وەرزێ دەبمە باران
کەچی بالای ڕۆژێکم پێ ناشۆرێتەوە
بەبارتەقای ئاسمان باڵەکانم دەکەمەوە
دەفڕم.. دەفڕم
کەچی ئاسمان تا ئێستا بۆمن نەبۆتە یۆتۆپیا
چیدی بیر لە یۆتۆپیاکان ناکەمەوە....
نازانم لەسەرەتای خەونێکم
یان کۆتایی مۆتەکە...؟!
وەی خودا ئەمە چ ژانێکە
ئەڵێی گەرمەتای مەرگە!!
کەی ئەم شیعرە لەدایک دەبێ....؟
وەرە ئەهریمەن لەگەڵ مندا
ئاقاری ژانەکانی عیشقم تەی کە




سەرگوزەشتەی ئەم عەشقە جوانەمەرگە
لەزەینمدا وەکو دەرزی دەچەقێ
تەنیایی لەڕەنگم نیشتووە..
چاوەڕێی ئەو ڕۆژەم بۆ دواجار
خوا حافیزی لەوەرزەکان بکەم و بڕۆم
تەپ وتۆزی ئەم نەگبەتیە
لەجەستەی ئارەزووەکانم بتەکێنم و بڕۆم
پێکەکانی خۆشنوودی قلَپ بکەمەوەو
ئەوسا بڕۆم
ئیتر زەمەنی چاوەڕوانی من تەواو دەبێ
سالَی عیشقی من تەواو دەبێ
خەونەکانم تێکەلَ بەخوێن وئاسن و ئاگری
ئەم شارە سیخناخ بووە
چاوەڕێی ئەو چرکەساتەم بڕۆم
چیتر بیر لەزڤرین نەکەمەوە
خەونەکانی من وتۆ تەریبن
بەهەلَگرتنی ئەم خەونانە کاسەی سەرم
قورس بووە.
من گڕ لەخەونەکانم بەردەدەم
خۆم بەئێوارەکانی بێدەنگی دەسپێرم
دووبارە منالَ دەبمەوە
من پڕم لەمنالَی ،سالَەکانم پڕن لەچاوەڕوانی
مانگەکانم پڕن لەهەلَکورمان
هەفتەکانم پڕن لەتەریق بوونەوە
ڕۆژەکانم پڕن لەگوناهی سەوز
شەوەکانم پڕن لەهەنسک
ساتەکانم پڕن لە بێ ئۆقرەیی
من پڕم لەکارەسات......!!





ئەو شیعرەی ئەمڕۆ لەدایک دەبێ
ئارامی نابەخشێتە سبەینێم
وەرزێکم بۆدروست ناکا لەجنسی بەهار بێ
من چیدی خەون بەبەهارەوە نابینم
تۆ لەخەیاڵم دەردێنم ولەگەڵ خەونەکانم
وێنەکانت،دەسوتێنم...
وەرزی عیشقی من تیژ تێپەڕی
چرای عومری من کز دەسوتێ
تەماشاکانی من لەناو ئەم
ئاوێنەیەی دەستی تۆ گووم بوونە
خەونەکانی کچێنیم لەپیاسەی ناو
وەرزە هەڵپروکاوەکانەوە جێماوە
من زەمەنێکم دووگیانم بە شیعرێ
ئان وساتی لەدایک بوونی ئەم شیعرە
بەبێ کەسی گیانم دەرئەچێ
گۆڕم نابێ تا تۆ گوڵێکی نایلۆنی لەسەر بنێژی
کێلّم نابێ تا تۆ ناوی هەردووکمانی لەسەر هەڵکۆڵی
من لەناو ئەم دووکەڵە چڕەدا خۆمم لێ بزر دەبێ
تۆش بەچرایەکی دانەگیرساوەوە دۆزە دۆزمم بۆ دەکەی
لەسۆراخمدا دەبیتە تەتەرو
هەموو دونیام بۆ دەگەڕێی
منت بۆ نادۆزرێتەوە
هەزارو یەک ئایەتول کورسی دەخوێنی
ترس لەڕۆحت ناڕەوێتەوە.
تۆ خەتاتت کرد
لەسوتاندنی باخەکانی عیشقی من
من خەتام کرد تۆم خۆشویست
باوکم خەتای کرد نەیهێشت

دایکم من لەبار خۆی بەرێ
دایکم خەتای کرد
هێشتی خەونەکانم چرۆ بکات
تۆ خەتاتت کرد
من خەتام کرد
ئێمە خەتامان کرد
وەرزی عیشقی من تیژ تێپەڕی
چرای عومرم ئەم ئێوارەیە بەتەواوی دادەمرکێ
تۆش بەڕوخسارێکی تەم لێنیشتووەوە
بۆم دەگەڕێی
خەتا دەکەی گەر عومری جوانیت
لەگەڕان بەدوای مندا
سەرف بکەی، تازە لەدوای چی بۆم دەگەڕێی........؟!
وەرزی عیشقی من تیژ تێپەڕی
وەرزی عیشقی من هەر زۆر زوو وەری
وەرزی عیشقی من کەس نەیزانی
ساڵی عیشقی من کەی هات و کەی ڕۆیی......؟
کەس نەیزانی
ئەم جەهەنەمە چۆن بۆ وەرزی عیشقی من
سازکرا....؟
کەس نازانێ دڵم چۆن لە وەرزی عیشق
هەڵکەندرا؟
وەرزی عیشقی من......ئائەمەیە
ئان وساتی مردنی من........!!



تەممووزی /٢٠٠٧